له ژێر چاودێری

**ڕێزدار دکتۆر ئارام محمد قادر**

وەزیری خوێندنی باڵا و توێژینەوەی زانستی هەرێمی کوردستان

و لە ژێر دروشمی

**"دیدگایەکی تەواوکار بۆتۆکمەبوونی پێکەوە ژیان"**

**زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر و زانکۆی کۆیە کۆنفرانسی هاوبەشی نێودەوڵەتیی خۆیان لەسەر "ئایین و ئاشتی کۆمەڵایەتی: ئاڵێنگارییەکان و ئاسۆیەکانی" (لە 16-17ی شوباتی 2022)، لە هەولێر، هەرێمی کوردستان/ عێراق بەڕێوەدەبەن .**

## کاتە گرینگەکان:

| | |
|---|---|
| ٢٨ | تشرینی یەکەم ٢٠٢١- دوا وادەی پێشکەشکردنی پوختەی توێژینەوەکان |
| ٥ | تشرینی دووەم ٢٠٢١– ئاگادار کردنەوەی پەسەندکردنی پوختەی توێژینەوەکان |
| ٥ | کانونی یەکەم ٢٠٢١– دوا وادەی پێشکەشکردنی توێژینەوەکان بە تەواوی |
| ٢٠ | کانون دووەم ٢٠٢٢– ڕاگەیاندنی کۆتایی توێژینەوە وەرگیراوەکان |

## پێشکەش کردنی سەرهێڵ (ئۆنلاین):

زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر پلاتفۆرمێکی بۆ پێشکەشکردنی ئۆنلاینی توێژینەوەکان لەسەر ماڵپەڕی زانکۆکە بە شێوەی خوارەوەی داناوە :

http://conferences.cue.edu.krd/index.php/ICRSP/ICRSP

## بۆ پەیوەندی کردن:

ژمارەی تەلەفۆن:
+9647506013333
+9647509013333
Email: icrsp2022@cue.edu.krd

## سەرۆکی کۆنفرانس

پ. د. وەلی مەحمود حەمەد (سەرۆکی زانکۆی کۆیە - کۆیە، کوردستانی عێراق)

## هاوسەرۆکی کۆنفراس

پ. ی. د. ریاز فرنسیس (سەرۆکی زانکۆی کاسۆلیک - هەولێر، کوردستانی عێراق)

## لیژنەی زانستی:

١. پ. د. هێمن عەزیز برایم (زانکۆی کۆیە) /سەرۆک
٢. پ. د. ساتیا سۆبراهامانیام (زانکۆی کاسۆلیکی لە هەولێر) / جێگری سەرۆک
٣. پ. د. ئالدا بێنجامین (زانکۆی کالیفۆرنیا، ئەمریکا)
٤. پ. د. موحەمەد ئەبۆ - نەمر (سکۆلی سێرڤسی نێودەوڵەتی، واشنتۆن، ئەمریکا)
٥. پ. د. ئیسرار ئەحمەد (زانکۆی ئەنکەرە بۆ زانستە کۆمەڵایەتیەکان، تورکیا
٦. پ. د. موحەمەد عادل زیبائی (زانکۆی تاران، ئێران)
٧. پ. د. موحەمەد ئەحمەد غانیم (زانکۆی ئەلمەنسوورە، میسر)
٨. پ. د. بەدرخان موستەفا ئیبراهیم (زانکۆی کۆیە)
٩. پ. ی. د. ئیقبال نەعیم گۆرگیس (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)
١٠. پ. ی. د. یادگار ئەحمەد (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)
١١. پ. ی. د. ئادەم عبدالجبار عبدالله بێدار (زانکۆی سەلاحەدین لە هەولێر)
١٢. د. عەزیز ئێمانوئێل (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)
١٣. د. ئەمیر جەجی (جێگری سەرۆکی زانکۆی نێودەوڵەتی دۆمینیکان، فەرەنسا)
١٤. د. عومەر حەسەن سعید (زانکۆی کۆیە).
١٥. م. ی. موحەمەد شەریف ئیبراهیمی (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)

## لێژنەی ئامادەکاری:

١. پ. ی. د. ریاز فرنسیس
(سەرۆکی زانکۆی کاسۆلیک، سەرۆکی لێژنە)
٢. پ. د. حەیدەر لەشکری (زانکۆی کۆیە، جێگری سەرۆکی لێژنە)
٣. پ. د. رۆستەم عەزیز (زانکۆی کۆیە)
٤. د. فیراس ئەلموختار (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)
٥. د. هاوکار باپیر (زانکۆی کۆیە)
٦. د. بنار جەودەت ئەحمەد (زانکۆی کۆیە)
٧. د. بژار عوسمان ئەحمەد (زانکۆی کۆیە)
٨. د. مەنهەل بویا (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)
٩. خاتوو ڤیدا حەنا (زانکۆی کاسۆلیک لە هەولێر)



## تێچووی بەشداری کردن و بڵاوکردنەوەی توێژینەوەکان:

بەشداریکردن : 25 دۆلار
پێشکەشکردنی توێژینەوە : 50 دۆلار
پێشکەش کردنی توێژینەوە و دابین کردنی یەک رۆژ شوێنی مانەوە : 150 دۆلار
پێشکەش کردنی توێژینەوە و دابین کردنی دوو رۆژ شوێنی مانەوە : 250 دۆلار
بڵاوکردنەوەی توێژینەوە : 100 دۆلار

## ئامانجەکاني کۆنفرانس:

ئامانجەکانی کۆنفرانس بریتین لە:

- بەشداری کردنی گشتی و کارا لە تێگەیشتنی ئاشتی کۆمەڵایەتی لە هەموو ئاستەکاندا
- بەهێز کردنی پێکەوە ژیان و یەکڕیزی لە ڕێگەی دۆزینەوەی لێکدانەوەیەکی واقیعیانەی دەقە ئایینی و مەزهەبییەکان کە هاوئاهەنگن لەگەڵ فۆرمە کۆمەڵایەتییە هاوبەشەکاندا
- دروستکردنی پەیوەندییەکی بەهێز لە نێوان تاکەکانی عێراق و خێزانەکاندا بۆ برەودان بە دیالۆگی پێکەوە ژیان و نکۆڵیکردن لە توندوتیژی و توندڕەوی لە فۆرمە جۆراوجۆرەکانی سیاسی، پەروەردەیی، فیکری و ئایینی
- تیشک خستنە سەر ڕۆڵی دامەزراوە ئایینی، پەروەردەیی و میدیاییەکان بۆ پەرەپێدانی ئاشتی کۆمەڵایەتی
- دۆزینەوەی ئامرازەکانی زاڵبوون بە سەر ئەو بەرەنگاریانەی کە ڕێگرن لە کەمینە ئایینی و ئەتنیکییەکان لە گرتنەبەری ڕۆڵی بنیاتنەر یان تۆکمە بوونی ئاشتی و پێکەوەژیانی کۆمەڵایەتی

## تەوەرەکاني کۆنفرانس:

توێژەرانی بەڕێز دەتوانن توێژینەوەکانیان لە بابەتەکانی خوارەوە پێشکەش بکەن:

1. کەمینە ئایینییەکان و بەشداری سیاسی (میکانیزمەکانی ئێستا، ئاڵینگاری و ئاسۆیەکانی)
2. دەرهاوێشتەکانی سەردانی فەخامەتی پاپای ڤاتیکان بۆ عێراق و هەرێمی کوردستان
3. ڕۆڵی ئایین لە عێراق و هەرێمی کوردستان لە بڵاوکردنەوەی کلتوری پێکەوە ژیان و ئاشتی کۆمەڵایەتی لە نێوان هاوڵاتیاندا لە ئاستەکانی هزر و کرداردا
4. کەمینە ئایینییەکانی بەردەم مەترسی لە کاتی ململانێکاندا (کەیسی کەمینەکانی بێ چەک/ بێ چەکدار)
5. بیروباوەڕی ئایینی و کاریگەرییان لەسەر پێکەوە ژیانی ئاشتییانە لە کۆمەڵگادا
6. توندوتیژی سیاسی- ئایینی ، کاریگەری لە سەر پێکەوە ژیان
7. ئەرکی ئایین لە داڕشتنی چەمکێکی نوێ بۆ سیاسەت
8. ئەرکی دامەزراوە پەروەردەییە ئایینییەکان لە دامەزراندنی پێکەوە ژیان و ڕەتکردنەوەی توندڕەوی
9. ڕۆڵی ڕاگەیاندن و تـۆڕە کۆمەڵایەتییەکان لە قوڵکردنەوەی چەمکی ئاشتی کۆمەڵایەتی

**ICRSP 2022**

## وردەکارییەکان بۆ وێب سایتەکە:

خۆشحاڵین کە بانگهێشتتان دەکەین بۆ بەشداریکردن لە کۆنفرانسی نێودەوڵەتی "ئایین و ئاشتی کۆمەڵایەتی: ئاڵینگارییەکان و ئاسۆیەکانی" کە لە 16-17ی شوباتی 2022 /هەولێر ـ عێراق بەڕێوەدەچێت و لە لایەن زانکۆی کاسۆلیکی هەولێرەوە بە هاوبەشی لەگەڵ زانکۆی کۆیە ڕێکخراوە. ئەم کۆنفرانسە ئامانجی ئەوەیە کە توێژەران و ئەکادیمیستەکان و پیشەگەرانی هۆگری بابەتەکانی پەیوەست بە دین و ئاشتی کۆمەڵایەتیی کۆبکاتەوە .
نوسەران و توێژەران بانگهێشت دەکرێن بۆ پێشکەشکردنی توێژینەوە بەپێی ئەم خاڵانەی خوارەوە :

- پێشکەش کردنی پوختەیەک کە ١٥٠-٢٥٠ وشە بێت ، لەگەڵ سی ڤی توێژەرەکە، ژمارەی تەلەفون و ئیمەیڵ. پوختە پەسەندکراوەکان لە پرۆسیدینگی کۆنفرانسەکەدا بڵاو دەکرێنەوە
- توێژینەوەکان دەبێت لە چوارچێوەی بابەتەکانی کۆنفرانسدا بێت، مەرجەکانی توێژینەوەی زانستی پەیرەو بکات و زیاتر لە ١٥ لاپەڕە نەبێت، هەروەها ناونیشانی توێژینەوەکە، ناوی توێژەران ، شوێنی کار ، ناوی وڵات، پوختەی توێژینەوە و وشە کلیلەکان لە خۆ بگرێت
- توێژینەوەکان بە هەر سێ زمانی (ئینگلیزی، عەرەبی یان کوردی) قبوڵ دەکرێن. توێژینەوە پەسند کراوەکان لە گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکانی زانکۆی کۆیە بڵاودەکرێنەوە، بۆیە دەبێت هەموو مەرج و پێداویستیەکانی تێدا بێت کە لە لایەن زانکۆی کۆیەوە دیاری کراون. وەك لەم لینکەدا هاتووە :

http://jhss.koyauniversity.org/index.php/jhss/about/submissions#authorGuidelines

ئەم توێژینەوانە دەکرێنە بەر پرۆسەی Double Blind Reviewing و بە پابەندیی بە گۆڤاری زانستە مرۆڤایەتی و کۆمەڵایەتییەکان پەسند دەکرێن ISSN-2552-3259، DOI:10.145002522 3259 و DOAJ

توێژینەوەکانی بڵاوکراوە یان پەسندکراو لە کۆنفرانسەکانی پێشوو یان گۆڤارەکان قبوڵ ناکرێن

